# پەنجەرەیەك بۆ دیالۆگی فەرهەنگەكان

خەسرۆ پیربال
Pirbal@hotmail.com

پێشەكی دەمەوێت ئەوە ڕوونبكەمەوە كە هەر پارچەیەكی خاكی كوردستانم بە قەدەر یەك خۆشدەوێت، دیاربەكر و هەڵەبجەو قامشلۆو سنە، هەموویان مەملەكەتی خۆمن، هەموویانم هێندەی هەولێر خۆشدەوێن.

لێرەو لەویَ گەلێك جار ناوی هەولێریەكان بە ئانقەست و بۆ بەرژەوەندی سیاسی هەندێك لە پارت و ڕێكخراوەكانی توركمان، ناوی هەولێرو هەولێریەكانیان زڕاندووە. گەلێك جار بە ناوی هەولێریەكان و توركمانانی شاری هەولێر بەتایبەتی، هەندێك لە وویست و بەرژەوەندیە پیسەكانی خۆیان بە ئەنجامداوە، وەكوو ئەوەی بڵێن كە بەرژەوەندیەكانی هەولێرو وتوركمانەكان لە دەرەوەی سیاسەت و ئەزمونی كوردستانی عیراقدا بن. .

دیارە پاش سەرهەڵدان هەموو ئەو كەمەنەتەوانەی كوردستان ئازادیەكی زۆریان بە دیكردووە، وە یەكێك لەو تەووژمە سیاسیانە : تەوژمی توركمانەكان بوون، كە مافێكی ڕەوای خۆیانە درێژە بە چالاكیەكان و پەرەپێدانی فەرهەنگ و زمانی خۆیان بدەن، هەر لە دامەزراندنی یەكەمین حكومەتی نیشتیمانی كوردستان، وەچەرخانێكی جۆری ئێجگار گەورەیان بەدەستكەوتووە، حاڵی ئەوانیش وەكوو میللەتی كورد لە سەرانسەری كوردستاندا( ئەو بەشە ئازادكراوەی كوردستان)، ئەوەش بە دەستكەوتێكی گەورەی میللەتەكانی عیراق دادەنرێت.

گەلێك لە پارت و ڕێكخراوە توركمانانەی كوردستان هەولێریەكانیان وەكوو پاڵپشتێك و بەرژەوەندیەكی خۆیان بەكارهێناوە، بەڵام من وەكوو كوردێك و هەولێریەك ئەم مەسەلە بەڕاست نازانم.

بە قەناعەتی ئێمە ئەگەرچی هەولێریبوون و توركمانبوون بە دوو شتی تەواو جیاوازن دادەنێین، دیارە خەسڵەتی بوون بە هەولێری گەلێك تێكەڵ و ئاڵۆزترە كە ئەمڕۆكە لە سەر زاری هەندێك لە بەرپرسی هەندێك لە ڕێكخراوە تووركمانەكانی كوردستانی باشوردا دەبیستریَ.

هەولێریەكان بەوە ناسراون لە كۆنەوە كە خەڵكانێكی بیَ كێشەو دوورە پەرێزن، بەشی هەرە زۆریان بە ئیش و كاری دوونیاو بازاڕەوە خەریكن، لە بنەڕەتدا و ئەو كاتەی هەولێر هەر قەڵات بووە، هەولێریەكان لە هەندێك بنەماڵەی ناودارو خەڵكی ئاسای پێكهاتوونە و لە قەڵات ژیانیان بەسەر بردووە، بازاڕیشیان، ئەو قەیسەریە گەورەیە بووە كە هەتاكوو ئەمڕۆش هەر ئاوەدان و ناوەندێكە بۆ بازرگانی و شارستانیەت.

بێ ئەوەی لە فەرهەنگی تورکمانەکان و هیچ لایەکیان کەم کەینەوە، بەڵام ئەوەی پێوویستە لە سەریان وەکوو هاوڵاتیەکی بەشدارو ئەندامێکی کۆمەڵگەی کوردەواری، سوود وەربگیرێت لەم هەلە مێژوویەی ناوچەکە و کوردستان بە تایبەتی، هەروەکوو لە ڕۆژانی ڕابردوودا، دەکرێت باس لە ڕۆڵی تایبەت و ئاشتیخوازی هەولێریەکان بکرێتەوە دەربارەی ئاشتی و تەبایی و پێکەوەژیانی میللەتانی تری کوردستان، دوور لە لایانگیری هیچ هێزێکی ناوچەیی وە بە تایبەتی وولاتانی بێگانەی ناوچەکە.

هەولێریەکان، هەروەکوو ناسراون، وەکوو پالپشتێکی بەهێزی ئاشتی تەبابوون هەڵسووکەوتیان کردووە، وە ئەم پالپشتیکردنەش لە هاوکاری و خەباتکردندا ڕەنگ دەداتەوە، ئەگەر هاوتەریب لەگەڵ هێزو پارت و ڕێکخراوەکانی تری کوردستان، بەو پەڕی برایی تەبایی لەخۆبردن لە سیاسەتێکی برایانە کە هیچ لە هەولێریبوونی خۆیان کەم ناکاتەوە، بەڵکوو هێیزێکیشیان پێدەبەخشێت.

ئەمڕۆکە زیاتر لە هەر کاتێکی تردا دووژمنانی کوردستان زیاتر کەڵك لە جیاوازیە فەرهەنگیە و فرە ڕەنگییە وەردەگرێت، لەبەر ئەوەش دەبێت ڕێگا نەدرێت خەڵکانێکی خاوەن مەبەستی خراپ، برایی و تەبایمان تێکبدەن و ئەمەش بە نرخێکی هەرزان.

هەولێری ئاوا ناسراون، کەسانێکن کە هەرگیز خراپە لەگەڵ دوژمنانیشیان ناکەن، لیبووردن و مووحەبەت و ئاشتی و تەبایی و بێدەخلی، ئەوسیفەتانەن کە بە کۆڵی وەنووساون، وە ئەمەش شانازیەکی گەورەن کە دەبێت بۆ هەتا هەتایە بەردەوام بن.

هەر کەمە نەتەوایەتیەکی کوردستان، دەتوانن ببنە هێزێك و ڕەنگێکی جیاواز و پۆزەتیف، دیارە پاش سەرهەڵدانەکەی کوردان ساڵی ١٩٩١، لە کوردستان هیچ جۆرە فەرهەنگێك و زمانێك تووشی نامۆی نابن، ئەزمونەکان گەواهی ئەوەن کە هیچ ڕەنگێك، فەرهەنگێك، زمانێك بزر نابن و لە پەراوێزدا نامێننەوە، نموونەی زەقیش زمانی عەرەبیە، هەروەکوو ئاشکرایە کێشەی سیاسی و گرفتەکانی میللەتی کورد لە کوردستانی باشووردا لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عیراقدایە و لەگەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەبین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە خوێندنی زانکۆو بواری بڵاوکردنەوە، لە سەرانسەری کوردستانی باشوردا ( هەرێمی کوردستانی عیراق)، زمانی عەرەبی لە گەلێك بواری لێکۆڵینەوەدا بەکاردێت. لە ژیانی ڕۆژانەدا قسەی پێدەکرێت، وە لە ئۆرگانی پارت و ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و ئینتیشاراتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ڕۆژنامەو گۆڤار بە زمانی عەرەبی دەردەکرێن، ئەمەش شتێکی چاکە و دەوڵەمەندیەکە و فراوانیەکە لە پانتای گشتی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندمان لە کوردستانی عیراقدا، دیارە بە زمانی توورکی گەلێك لە بڵاوکراوەو کتێبش دەردەچن.

لە کوردستاندا، هاوشان لەگەڵ زمانی کوردیدا زمانی تورکی و عەرەبی دەخوێندرێن، وە لە بواری ڕاگەیاندنیشەوە گەلێك ڕۆژنامەو گۆڤار دەردەچن، وە کەناڵی تەلەفیزیۆنی هەن بەخشکردنەوەی تەنها بە زمانی تورکیە.

حکومەتی کوردستان جگە لەوەی واجبێکی گەورەی لەسەر شانە بەرامبەر کەمەنەتەوەکانی تری کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەش سەرەتایەك بۆ کەشووهەوایەکی دیموکراسی گەورەش دەکاتەوە، وە فەرهەنگی کوردەواریمان دەوڵەمەنتر دەبێت، بەو تێکەڵبوون و ئاڵوگۆڕکردنەی نێوان فەرهەنگەکانی ناوەوەی کوردستان.

پێشکەشکردنی بەرنامەکانی تەلەفیزیۆن و بڵاوکراوەکان بە زمانی تورکیو عەرەبی پەنجەرەیەکی گەورەیە، وە بەهۆیەوە دەتوانرێت کێشەو ئەزموونی میللەتی کوردستان و فەرهەنگی کوردیمان بگاتە وولاتانی عەرەب و تورکیاو ئێران، وە بە بەراووردکردن لەگەڵ سالآنی ١٩٧٠، دەتوانین بڵێین کە ئەمڕۆکە وولاتانی ناوچەکە باشترو چاکتر کورد و کوردستان دەناسن، زیاتر ئاگاداری ئەزمون کێشەکەمانن.
لە دێرینە زەمانەوە هەموو کەمایەتیەکانی کوردستانی باشوور پێکەوە ژیاون، ئەگەر هەر باروودۆخێکیان بەسەردا هاتووە، ئەوە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لە سەر گووزەرانی هەموویان بەدیکەوتووە، لە خۆشی و لە ناخۆشی و لە دەستبەسەربوون و سەرفرازیدا، پێکەوە بوونەو هیچ حکوومەتێکی ناوەندی لە عیراقدا جیاوازیانی لە نێوان نەکردووە، هەردووکیان ئەسیر و ماڵوێران بوونە وە هەر پێکەوەش دەمێنێنەوە لە داهاتووشدا.

لە مێژووی نوێشدا گەلێك نموونەی زیندوو هەن ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن، کە کورد و تورکمان لە کوردستانی عیراقدا یەك کێشەیان هەیە، بە بیرمە منداڵ بووم ئێواران بە غار دەهاتمە پێش شاشەی تەلەفیزیۆنەکەمان لە ماڵەوە، چاوەڕوانی ئەو نیو سەعاتە بووین کە بەزمانی کوردی و تورکی بەخش دەکرایەوە، کەناڵێك هەبوو ناوی کەناڵی کەرکووك بوو، بەشی کوردی و تورکی تێدابوو، بۆ هەریەکێك لە میللەتی کورد و تورکمان نیو سەعات تەرخانکرابوو، واتە بۆ ٣ ملیۆن نیو کورد و تورکمان تەنها سەعاتێك بەخشی تورکی و کوردیمان هەبوو، ئەم ڕاستیە دەبێت بۆ نەوەی نوێ باسبکرێت و بنووسرێتەوە بۆ مێژوو.

ئەو کات کوردو تورکمانەکان گەلێك دڵخۆش و (مەمنون ) بوون، ئەو نیو سەعاتە خەڵك هەناسەیەکی وەردەگرت و گوێیان بۆ حەیران و قەتارو قۆریاتی تورکی ڕادەگرت.

پاش سەرهەڵدان ودامەزرانی حکومەتی کوردی و بوونی قەوارەیەکی سیاسی، لە هەموو شارە ڕزگارکراوەکاندا چەندین کەناڵی تەلەفیزیۆنی جیاجیا هاتنە ئاراوە، وە هەر تورکمانێکی خاوەن ویژدان و ڕاستگۆ ئەو حەقیقەتە دەزانێت، دەزانن کە ئەمڕۆکە لە سەردەمێکی زێڕیندا دەژیین، ئەم دەستکەوتەیان بەشێکە لە دەستکەووتی میللەتی کورد لە کوردستانی باشووردا، کە دەبوایە چاوی فەخرەوە سەیری ئەزمونی کوردستانی عیراق بکەن.

هەموو میللەتانی کوردستانی باشوور لە ناو یەك کەشتیدان، هیچ یەکێك لە ئەندامانی پارتە توورکمانەکان بە کەشتیەکی تایبەت سەفەرناکەن، هیچ هەولێریەك و پردێیەك بە (ڤیزەیەکی) باڵداری حیزبە تورکمانیەکان سەفەری بەهشت ناکەن و ببنە – وەتەنداش–، ئێمە هەموومان یەك چارەنووسمان هەیە.
وەکوو کوردێك و هەولێریەك بەڕاستی زۆرم پێناخۆشە هەندێك جار لە ژێر پەردەی داکۆکیکردن لە مافی توورکمانان" شوولاق" لە بەرژەوەندی باڵای کوردستان و حکومەتی کوردستان دەدرێت، وە بەمەش هیچ وولاتێك زەرەرمەند نابێت تەنها میللەتی کورد و تورکمانەکان نەبێت، وە جگە لەوەش دوژمنایەتی و لەیەکتر حاڵی نەبوون گەورەترو قووڵتر دەبنەوە.

له کوردستاندا ئەو جیاوازیەو فره ڕەنگیەی که هەیه، سوودێکی فەرهەنگی گەورەی هەیه، ڕێکخراوو پارتەکان دەتوانن پەیوەندی فەرهەنگی و سیاسی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکه دروست بکەن، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەندێك له (پەیوەندیە ئیستیخباراتیەکانەوە )بێتە دەرەوە، هەناسەیەك هەڵکێشین، سوود له ئەدەب و فەرهەنگی فارس و تورك و عەرەب وەرگرین و ئاڵوگۆڕێك دروست ببێت.

کۆمەڵگای نوێی کوردستانی عیراق پێویستی به هەموو جۆرە ئاڵوگۆڕی وپەیوەندی هەیه لەگەڵ میللەتانی دونیا، به تایبەتی میللەتانی ناوچەکه، واته فارس و تورك و عەرەبەکان، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە پەیوەندیەکان و دیالۆگ لەگەڵ فەرهەنگەکان به خیانەت له نیشتیمان و وەتەن بزانین، ئەگەر بێتوو به پلانکێشان و ئاقڵانه وێنەی بۆ بکێشرێت، دەتوانن ببنه هێزێك و دەوڵەمەندیەك بۆ سەرجەم فەرهەنگەکان، کوردیش سوودی گەورەی لەوەدا دەبێت: کێشەکەی خۆی بەو میللەتانه ئاشنا دەکات و زیاتر پاڵپشتی و دانپێدانانێکیان لێوەدەستگیر دەکات، پاشان زیاتر خزمەتی فەرهەنگ و زمانی کوردی و مێژوومانی پێدەکەین، وه له هەمووشیان گرینگتر وەدەستهێنانی ئاشتی یه له کوردستان، هەروەکوو نووسەری کوردمان یەشار کەماڵ گۆتەنی :( ئیتر بەسه خوێن و کوشتار، با چیتر دایکانی کورد و تورکان نەگرین و ڕەشپۆش نەبن. ).

بۆ کورد به شێوەیەکی گشتی شانازیەکی گەورەیه که له ناوچەیەکی هێنده فەقیری دیموکراسی و قاتیوقوڕی ئازادیدا، ئەزموونێکی گەورەی دەوڵەمەندمان هەبێت، ئەمەش وانەیەکه بۆ ئەو وڵاتانەی دراوسێمان.

ئەمڕۆکه سەردەمی داخستنی پەنجەرەکان نیه، هەموو فەرهەنگەکانی دونیا دەتوانن خزمەتی زیاتری یەکتر بکەن، کوردیش له دێرینه زەمانەوە وای زانیوە که عەرەب و تورك و عەجەم دووژمنی گەورەیانن و ئیتر تەواو... بەڵام پەیوەندیە فەرهەنگیەکان لەگەڵ ئەو میللەتانەی کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە دەبێت بەردەوام بن و چاکتر بکرێت، دروستبوونی دیالۆگ له نێوان فەرهەنگی دەوڵەمەندی کوردی فەرهەنگەکانی تری ناوچەکه دەرگایەکی گەورەمان لەسەر دەکاتەوە.

خەسرۆ پیربال

٢٤/ ٢ / ٢٠٠٢